www.kurdistannet.org
9-2-2003 17:06

# یەکەمین سێ ڕۆژی ژیانی پێشمەرگایەتیم

حاجی ئەنوەر / سویسرا

**یەکەم ڕۆژ**

بەهاریکی خۆش و دەشتی گولان وشاخەکانی شنرۆیٚ و بالانبۆ، سەوز و سورو زەرد، خویان ڕازاندبویەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لەگەل (ماموستاحەکیم مەلا سالح) دا چوینە (ستودیوعوسمان) و وینەیەکم گرت. وێەنەێەک بۆ ئەوکاتەی کە بە دیوارەکانەوە هەلیدەواسن و ئیتر من دەبمە جیگەی شانازی و لە بن وێنەکەش دەنوسرئ: شەهیدی قەرەمان کە لەپێناوی هەژاران و چەوساوەکاندا ژیانی خۆی بە خشی. . . . . . . . . وینەکە سیٚ ڕۆژی تر تەواو دەبیٚ و دەبیئت ئەمشەو شار جیٚ بهیلم وپیوەست بم بە هاوریکانمەوە لە شاخ، ئەوکارە و چەند کاریکی ترم بۆ مامۆستا بەجیٚ هیشت، عەسریکی درەنگ بەرەوخۆرئاوای هەلەبجە بەناو مالە دۆمەکان و (مالی شێخ) دا و ڕووەو گولان وەریٚ کەوتین. جوانیی گوڵالەسوورە و گولەخەرتەلە و ئەرخەوانەکانی سەرقەبران دەبینران و دەنگی شەپۆلی گولەگەنمەکانی دەشتی گولان و باوەکۆچەک و هاژەی چەمەکە و هۆرەی (شیخ ئبراهیم) ی گولٚان تیکەل یەک دەبوون و مرۆڤی دەخستە دنیایی خەیالەوە. منێکی گەنجی خوینگەرمی لەهەرەتی لاویدا، هۆش و خەیالم بەهەزاران لادا دەچو. دەبیت لە سەرەتادا پیداچونەوەیەک بەخەبات وتیکوشانی ئەوچەند سالەی رابوردودا بکەین هەموخالەلاوازەکان دیاری بکەین وهۆکاری شەهیدبونی دەیان هاوریٚ بۆنمونە هاوریٚ "سیروان " (1) کەمیی چالاکی پێشمەرگانە و جموجۆلی بەرفراوانی رژییٚم لە بوارەجیاجیاکانداجدا و شێوەی مسۆگەرکردنی پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی شۆرش وسوود وەرگرتن لەئەزمونەکانی (جیڤارا) ، ( جیاب) ، (تیتۆ) ، و ماوتسی تونغ. . . "مامۆستاحەکیم بەردەوام قسەی بۆ دەکردم، بەلام من لە هەوای خۆمدا بووم، جار جار بۆ ڕازیکردنی دلی ئەو سەریٚکم دەلەقاند. تەنهاجاریک گویٚم لیٚ گرت، ووتی وەرە ئیرەوە بابمان بینن. زۆرپێم خۆشبوو، یەکسەر بە قسەم کرد. لەسەرنوکی پیٚم وەستام. وام هەست دەکرد زۆر باڵام بەرز بووە و لە هەرشوێنێکەوە چاو بەرزبکەنەوە دمبینن، ملەقوتێم زۆر دەکرد و ووردە ووردە پاژنەی پیٚم بەرزتردەکردەوە. هێشتا دنیاهەر ڕووناک بوو بەوەدا دەمزانی زۆرنیە گەیشتوینەتە ئێرە، بەڵام من واهەستم دەکرد ماوەیەکی زۆرە چاوەریٚ دەکەم. لەگەل زیادبوونی شنەی شەمال و بەریەکەوتنی گەلا و لق وپۆپەکانی ئەو پیرەداربەڕووەی (گوڵانی شێخ مۆمن) کە ئیمە لە ژێریدا وەستابووین و چاوەڕیٚمان دەکرد، خەیالە رەنگاورەنگەکانی منیش زیادی دەکردو دەکەوتمە ناو لاپەرەی کتیبەکانەوە "من هم اسدقاء الشعب. ختوە الی امام ختوتان الی الوراء. مارکس و ئیرلندا مارکس و پۆلۆنیا. هەژدەی برۆمیرو کۆمۆنە. . . . . . . . . . . " مامۆستا هە رقسەی بۆ دەکردم، لەپر مەچەکی گرتم و داچلەکیم، ئیمە باڵامان وەک یەک بوو بەڵام من چووبوومە سەربەردیک ولەسەر نوکی پیٚم وەستابووم، بۆیە بەسەر ئەودا دەمرِوانی، هەردوو دەستی گرمۆلەکردوو وەک کوکوختی دەستی بە خوێندن کرد و سەیریکی منی کرد. ووتی: هاوڕییان لێرەن!. کوان ؟ ئەی بۆ دیارنین ؟. پەلەمەکە ئیستا دێن. خەم دایگرتم. لەدلی خۆمدا دەموت ئاخر کەی موعقولە ئەوان بخەمە عەزیەتەوە و موغامەرە بە ژیانی خۆیان بکەن، ئەوەچیە یەکییٚک دە بیٚتە پیٚشمەرگە. بیٚ هیوابووم لەوەی کە بیانبینم، کیٚ دەلێت تووشی شەرێک نەبوون و نەیان توانیبیٚت بیٚنە ئێرە، خۆ ئەگەر لیٚیشیان شەهیدبووبیٚت یان بریندآریان هەبیٚت، ئەوە تاوانی منە!. باشە نەدەکرا خۆم برِۆم ؟!. . . . خۆ حەمەی شێخ حیدەر (2) هەفتەی چەندجارێک دەچیٚتە ئەو شاخانە و کەمجاریش هەیە بەبیٚ کەو یان کەرۆێشک بگەرێتەوە، زۆر جاریش دوعاو سلاٚوی هاورێکانمی بۆ هیناوم. ئەو جارێکیان وێنەیەکی دکتۆر قادری (3) هێنا کتێبێکی دەخۆیندەوە و جارێکی تر نامەیەکی پێچراوەی چکۆڵانەی بۆ هێنام کە

www.kurdistannet.org
9-2-2003 17:06

کردمەوە، نامەی ساڵەحی مەجیلان (4) بوو. کەم جار بووە چاوی پییان نەکەویت زۆر جاریش دەهاتە لام و دەیووت: ئەم شەو جەماعەت دێن!. هەندێک جار قسەکەی ڕاست دەردەچوو. شەو دەبووە تەقە!. لەپر مامۆستا وتی: ئەوە مەلاڕەسولە! (5) ، کە سەیرم کرد ئەو سەیری خوارەوەی دەکرد و بزە بەسەر لێویەوە دیار بوو، چاوەکانی زیتکردبوونەوە، منیش کە بۆ ئەوبەری چەمی گوڵانم دەڕوانی، ڕووم بەرەو ئەو شوێنە وەرجەرخاند کە ئەو سەیری دەکرد، دوو چەک بەدەستی جل وبەرگ خاکی بەرەو سەرەوە دەهاتن، ویستم بەرەو پیریانەوە بڕۆم. پەلە مەکە خۆیان دێن، ووردە ووردە نزیک دەبونەوە شێوەیان ڕۆشنتردەبویەوە بەڵام نەم دەناسین پێش ئەوەی بگەنەلامان یەکێکیان بەپەلە بەرەو سەرقەبرانەکە ڕۆیشت. ئەوی تریان هاتەلامان، زۆر بەگەرمی باوەشیان بەیەکتریدا کردوو ماوەیەک پێکەوە قسەیان کرد ئەوەی تێگەیشتم باسی گەیشتنی خۆراک و تەقەمەنی وچەند ناوێکیشیان هێنا، چاوم بڕیبوە پێشمەرگەکەی کە، کە بە دووربینێک سەیری ئەو دەورو بەرەی دەکرد، پاشان منی پێ ناساندوو منیش زۆر بە گەرمی چوومە پێشەوەو باوەشی پێداکردم وهیوای خواست پێشمەرگەیەکی ئازا ودلسۆز و پاک دەربچم. مەلا بانگی هاوڕێکەی کرد، ئەویش هات و زۆر بە گەرمی مەرحەبایی کردم و وتی نامناسیتەوە ؟ بەووردی چاوێکم بە بەژن و باڵا و سەروسیمایدا گێڕا، چاوەجوان و سیما گەش و درەوشاوەکەی لە کەسێک دەچو ن، بەڵام دلنیا نەبووم. وتی:" عومەرم" (6) . عومەر، هەر لە منداڵییەوە پێیان دەووت، چاو جوان. کاتی خۆی باوکی هەردووکمان هاوڕێی یەکتری بوون. پاش لەئامێز کردن و یەکتری ماچ کردن مامۆستام بەجێهێشت و ڕووەو زەردای پشت دەشتی نەورۆلی بەڕێکەوتین و ووردە ووردە، هەڵەبجە، ئەو شارەی کە باوکم (7) بۆ چەند کاتژمێرێک تەشریفی تێ هێنا، بەڵام تا دوا ساتی ژیانی تێیدا مایەوە، ئەو لانکە شیرینەی کەتێیدا گەورە بووم وفێر بووم و هەزاران یادگاری منداڵی لە هاروهاجی شەڕەگەرەک و شەڕە پێشمەرگەو جاش (8) وچاوشارکێ و قێلو بەردو هەناردزینی باخی میرو (9) مەکتەبی تەقەدوم و تێکدانی باخچەکەی عەلەبەڕانی (10) کە ئەویش بەجنێوو بەردەوە دوامان دەکەوت و فتبۆلێنی گەڕەکاو گەڕەک و پاشان ساحەی عام. ا .

ـ ئەمە هانەسوورە (11) یە، لێرە بە دواوە هیچ خەتەراتێک نەماوە!. . . . حەز دەکەیت تۆزێک تەدریبی خۆ بەستن و چەک هەڵگرتن بکەیت ؟! زۆرم پێخۆش بوو کە عومەر ئەمەی وت. چەک و تاقمەکەی کردەوە و پشتێنە پان و گەورەکەی خۆی لە ناوقەدم بەست و وتاقم و مەخزەنەکانی توند کرد لە قەدم و کلاشینکۆفەکەی وقووتویەکی ڕەش کە دووربینی تیابوو دەمانچەیەک ومەتارەی ئاو و ڕوومانەیەک و ئەو تویشەبەرەیەی مامۆستاش کە لەگەل خۆیدا هێنای، مەلاڕەسول کلاشنکۆفە موزەلییەکەی خۆی دا بە عومەر و کەوتینە ڕێ. ئەمە یەکەمین جارە بێ ترس و بێ بیرکردنەوە چەکم بەدەستەوە بێت. ئەو چەکەی کە هەر لە یەکەمین سالی خویندنی ئامادەیی پیشەسازییەوە ئەم هەفتە دەم خستە ئەوی دی و ئەم مانگ بۆ ئەوی دی و ئەو سال دەخرایە سالێکی دی، دەستم بە قسەکردن کرد. دەمویست چی کتێبم خوێندوەتەوە، لە چەند دەقیقەیەکدا بۆیان باس بکەم. ناوی وام دەهێنا دەشم زانی "عومەر" یکی کوڕەجوتیارێکی هەژار نەیبیستوە، هەر نەم دەهێشت پرسیارێکیش بکەن. من لەوان گورج و گۆل تر ڕێگام دەکرد دایم 6–7 مەترێک لە پێشیانەوە بووم زوو زوو دەستم بۆ پێشەوە ڕادەکێشاو دم ووت لێرەوە ؟ ئەو کات یاری چی یانەی وەرزشی سولەیمانی و تیپی هیوای هەلەبجە بووم سالانەش بەشداری ڕاکردنی 10کیلۆمەتریم دەکرد. ووردە ووردە دنیا تاریک دەبوو لەگەل ئەو تاریک بوونەدا، دۆلەکان قوولتر و هەوراز و شاخەکان بەرزتر دەبوون و توولەڕێگاکەش تەسکترو چال و چۆلی زۆرتر دەبوو و چاویشم ڕێشکەو پێشکەی دەکرد، ووردە ووردە هەستم بە قورسی کۆلەکەم دەکرد. ڕووم نە دەهات بلێم یارمەتیم بدەن. 6 سەعاتێک دەبوو بە ڕێگاوە بووین. ناوگەل و بن بالم سووتابوونەوە. دەمویست

پرسیارێک بکەم، ڕووم نە دەهات. خەتای مامۆستا حەکیم بوو، ئەم دەرپێی فەقێییە چیە بەزۆر لە پێمی کرد. دنیا زۆر گەرم بوو، چین چین ئارەقم دەکردەوە، جار جارەش شنە شەمالێک هەلی دەکرد و لەرز دای دەگرتم، بەلاّم ڕووم نە دەهات قسە بکەم. نا دەبێت پرسیارەکەم بکەم، تەواو تەحەمولم نەما. ئەوە کەی دەگەینە مقەڕ ؟. ئەوەندەمان نەماوە، هاکا گەیشتین. ئەترسم ئەم هاکا یشتینەی ئەمانیش وەک ئەوەی کانی گەورە بێت، ساڵی1974دوای بۆردومانی هەلەبجە ناونوسی خۆمم کرد وەک بەرگری میللی، شەویکیان بردنیان بۆ شوێنێک بۆ هێنانی هەندێک پێداویستی ڕێگاکە زۆر دوور بوو منیش زۆر تینوم بوو زوو زوو بە بەرپرسەکەم دەووت تینومە کەی دەگەین ؟ تۆزیکی تر دەگەینە کانی گەورە، ئیوارە کەوتینە ڕێ دەمەو بەیان گەیشتینە کانی گەورە بەلاّم چ کانی گەورەیەک!، کۆمەلێک دانیشتبون بە دیار پلوسکێک کە بەقەدەر میزی مندالێک ئاوی پیادا دەهاتەخوارەوە، هەر یەکەو دەبەیەکیشی بۆ پڕکردن بە دەستەوە بوو. ئەوان وەک من بارەکەیان قورس نیە، توێشەبەرەکەی کۆلم پرە لە نانی تیجاری و خەیار و مریشک و تەماتە. باشە بۆ پێیان نەلێم با پشوویەک بدەین و پاروەنانێک بخۆین. ئێستا ئەو تەماتانە فلیقاونەتەوە ونانەکانیش خوساونەتەوە. نا گەر وابلێم، دەلێن ئەوە ماندوو بوەو بە درۆ دەکەومەوە، لە بەرامبەر ئەو هەموو قسە زلانەی کە بەدرێژایی ئەو ڕێگایە دەربارەی " کۆمۆنەی پاریس و ئۆکتۆبەر و کۆبا و پۆلیڤیا و ڤیێتنام بۆم کردن. ئاسمان ساف و بێ گەرد بوو، مانگە شەوێکی ڕووناک، ئەگەرچی من جوان بەرپێی خۆمم نەئەدی و زوو زوو قاچم لە شتێک هەلدەکەوت، هەرچەندە لەدوای ئەوانیشەوە دەڕۆیشتم. دەنگی خووڕەی ئاو دەهاتە گوێچکەم و لەگەل ڕێگاکردندا دەنگەکە زیادی دەکرد، نازانم کەی دەگەینە جێ و بەدیداری هاوڕێیانم شاددەبم ولەم کۆلە قورسەش نەجاتم دەبێت. نا دەبێت جارێکی تریش پرسیار بکەم، کورد دەلێت پرسیار کردن عەیب نیە، جگە لەوەش هەموو پرسیارێک وەلاّمێکی هەیە، هەموو وەلاّمێکیش ئەنجامێکە.

_ ئەو هاژەی ئاوە هی چیە ؟

_ ئاوی سیروانە و ئەو شاخەی ئەوبەریشەوە درۆلەیە (12). نازانم (درۆلە) مانایی چیە، خۆ ناشکرێ بۆ هەرشتێک پرسیار بکەم، لەوەیە لێم بیزار ببن، باشتروایە ددان بەخۆمدابگرم و وەک ئەوان ئەم ڕێگایە بگرمەبەر کەهەلبژاردەی خۆمە. کێ دەلێت منیش وەک ئەوان گورج و گۆل بەتەحەمول نابم. ئازاری سوتانەوەی ناوگەل و بن بالم تەواو بێزاری کردبووم، ئەوەندەی بیرم بێت لە ژیانمدا ئازاری وەک ئێستام نەچەشتوە. نا مرۆڤ زۆر بەهێزە، ئەی لە جێی ئایاری مەلاحەسەندا (13) بوومایە چیم دەکرد، یان وەک هاوڕێانی تر لەلایەن بەعسەوە دەستگیر بکرامایە، ئەم شەو یەکەمین ئەزمونمەو هێشتا نەبوومەتە پێشمەرگە. ئەم چەکەو تاقمەش هی عومەرە باشتر وایە بوون ونەبوونم بە داهاتوو بسپێرم. . . ئەوە گەیشتین !!!!!!!.

ئای کە وشەیەکی خۆشو هەوالێکی دلخۆشکەر بوو. . . 20 دەقیقەی تر ئەگەینە مقەڕو لەوێ بۆخۆت بخەوەو ئیسراحەتی تەواو بکە. . . دەمویست پێیان بلێم پێ هەلگرن بازووتر بگەین، بەلاّم ئازاری سووتانەوەکە ئەوەندە بەهێز بوو خوا خوام بوو لەوێدا تا بەیانی لێی راکشێین. خۆ هیچ خەتەراتێک نیە و مقەڕیش نزیکەو ئیستا ئەوانیش خەوتوون. خۆشتریش وایە بە ڕووناکی بیان بینم، چونکە بەم تاریکییە لەوانەیە زۆریان نەناسمەوە. دوور نیە ئەوانیش وەک کاک مەلارەسول و عومەر، یەک باوەش ریشیان هێشتبێتەوە. ئاخۆ پاش لێکدابرانێکی چەند سالە و پاش ناسینەوەیان چی بکەم !! تۆ بلێی سالح تاقەتی قسەی خۆش و ڕابواردنی مابێت !! نا لەوباوەڕەدام زانیویانە کە دەگەمە لایان و لەوانەشە ئیستا بەخەبەر بن و چاوەڕێی من بکەن. خۆ وەک لەشاردا باو بوو، شەو هی پێشمەرگەیە و ئەوان بە شەودا ناخەون. لەپڕ عومەر کەوتە گۆرانی ووتن. . . ( باسیروان بم با ئەمنە گیان بەدەم تافەوە. . . . . .

به توونكه توونكه‌ی ئه‌منه گیان ماله جافه‌وه) . . . زه‌لام كێ ی ؟. . هاوارێكی كتوپڕ و ترسناك، هه‌ستم به‌خێرایی لێدانی دلم و له‌رزینی ئه‌ژنۆكانم ده‌كرد. باشه كێ ده‌وێرێت له‌م شاخ و چۆله‌وانیه‌دا ڕێگا به پێشمه‌رگه بگرێت ؟. مه‌لاڕه‌سول به له‌سه‌رخۆییه‌وه ووتی: فه‌ره‌ج خۆمانین. پاش 20–30هه‌نگاوێك گه‌یشتینه لای فه‌ره‌ج، هێشتا ترسی ئه‌و هاواره‌م له دلدا مابوو، ئه‌و ماندوو نه‌بوونی لێ كردین. به تووله‌ڕێیه‌كی سه‌ره‌وخواری پێچاوپێچدا چوینه‌خواره‌وه. هاژه‌ی سیروان ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه له‌وه ده‌چێت مقڕ له‌وبه‌ری ئاوه‌كه‌وه بێت. پاش ماوه‌یه‌ك دیسانه‌وه تێیان خوڕینه‌وه. . . زه‌لام كێی ؟. . عه‌بدول! خۆمانین. ئه‌و ماندوونه‌بوونی لێ كردین و باوه‌شی پیاكردم وبه‌خێرهاتنێكی گه‌رمی لێكردم و پێشمان كه‌وت و هاواری كرد: هه‌ستن له خه‌و!. . . هات !!. پاش ساتێكی كه‌م كۆمه‌لێك له‌و هاوڕێیانه‌ی كه سالآنێكی دوورو درێژ پێكه‌وه بووین و سه‌دان یادگاری تال وشیرینمان له‌دلی یه‌كتریداجێهێشتبوو !! وا پێك گه یشتینه‌وه!. ئای كه ساتێكی خۆش و هیوا به‌خش بوو. من چاوم باشی نه‌ده‌بینی، به‌لآم پێش ئه‌وه‌ی باوه‌ش به‌یه‌كتریدا بكه‌ین، ده‌نگه‌كانم ده‌ناسیه‌وه. . . وه‌رنه ئێره‌وه، با خه‌به‌ریان نه‌بێته‌وه !. چوینه ژێردار گوێزێكی گه‌وره كه جۆگه‌له‌ئاوێكی چكۆلانه به لایدا به‌ره‌و سیروان ڕۆده‌چو. دیداری هاوڕێیانم، هاژه‌ی سیروان، ده‌نگی نه‌رمی كونده به‌بوه‌كان، زیره‌زیری سیسرك، به‌یه‌ككه‌وتنی گه‌لآو پۆپه‌كان وخوره‌ی جۆگه‌له‌كه تێكه‌لآوی یه‌كتر بوو بوون. ئه‌مانه خه‌یالّمیان بۆ دنیایه‌كی تر ده‌برد. نه‌م ده‌زانی ڕوو له كامیان بكه‌م. شوێنه‌كه تاریك و ئه‌وانیش زۆر گۆڕابوون. چایه‌كی گه‌رمیان بۆ هێنام، به‌لآم زۆرم برسی بوو !. پاش ماوه‌یه‌ك له قسه‌كردنی جۆراو جۆر، ووتیان بخه‌وه، دنیا زۆری به‌به‌ره‌وه‌ماوه و به‌یانی قسه‌ده‌كه‌ین. له هه‌ستاندا، هه‌ستم به ئازارێكی زۆری سوتانه‌وه‌ی بنڕان و بالم ده‌كرد، نه‌م ده‌توانی هه‌نگاو بنێم. ناچار بووم به‌شێخ عه‌لی (14) بلێم: چاره‌یه‌ك!. كێ پارتیزانی هه‌یه ؟سالآنێك بوو گوێم له قسه‌خۆشه‌كانی سالح نه‌بووبوو. به پێكه‌نینه‌كه‌ی خۆی، وتی: ئه‌ی بۆ قووتوویه‌ك گریست له گه‌ل خۆت نه‌هێنا. . كه‌ره یان زه‌یتی سلاحی بۆ بێن.

**1: شه‌هید سیروان ( محه‌مه‌د حاجی مسته‌فا كۆكۆیی) : له‌كاتی كوشتنی یه‌كێك له‌و كه‌سانه‌ی كه‌به‌كرێگیراوی فاشسته‌كان بوو، گولله‌یه‌ك به‌ر پاژنه‌ی پێی كه‌وت، له جۆگه‌له‌ی قیاغه‌دا كه 3 كم له هه‌له‌بجه‌وه دووره، به‌هۆی خوێنڕێژییه‌وه شه‌هید بوو.**

**2:حه‌مه‌ی شێخ حه‌یده‌ر :، لاوێكی هه‌له‌بجه‌ییه كه به بزێوی و چاو نه‌ترسی به‌ناو بانگ بوو، له باوكیه‌وه چه‌خماخسازی فێر بوو بوو، شاره‌زاییكی باشی هه‌بوو له كاری ئه‌لیكترۆنید ا و چه‌ند جارێك به نهێنی ڕادیۆی ده‌خسته كار و چالاكیه‌كانی پێشمه‌رگه‌ی بلآوده‌كرده‌وه، برای شاعیری شه‌هید ( فاتیح شێخ حه‌یده‌ر) كه یه‌كه‌مین شه‌هیدی كۆمه‌له‌یه له شاخه‌كاندا. فاتیح، شه‌وی 13/14 ی 1976/6دوای شه‌ڕێكی ده‌سته‌و یه‌خه له دێ قاینجه مقاوه‌مه ده‌كات تا فیشه‌كی پێ نامێنێ و داوا له كاك حامید حاجی غالی ده‌كات بكوژێت بۆ ئه‌وه‌ی نه‌كه‌وێته ده‌ست فاشسته‌كان به‌لآم كاك حامید دلی نایه‌ت ئه‌وكاره بكات، ده‌مانچه یه‌ك و دوو فیشه‌كی ئه‌داتێ و بۆ دواجار چاوه پڕ له هیواكانی ئه‌نێته‌وه.**

**3 :دكتۆر قادر : یه‌كێك بوو له كادیره‌كانی كۆمه‌له كه خاوه‌نی خۆشه‌ویسته‌كی زۆر بوو له‌لایه‌نی خه‌لكی هه‌له‌بجه‌وه، هاریكاریی جۆراو جۆری خه‌لكی ده‌كرد، به تایبه‌تی له‌بواری ته‌ندروستیه‌وه.**

**4 :سالح مه‌جیلان : یه‌كێكه له گه‌نجه ناوداره‌كانی هه‌له‌بجه كه به قسه‌خۆش و كوڕ گه‌رمكه‌ر ناسرابوو له دێی تاسلوجه‌ی شاره‌زوور له‌دوای گرتنی ڕه‌بایه‌یه‌كدا جاش خه‌فیفه‌یه‌كی بریندار ده‌ست ڕێژێكی لێ ده‌كات و شه‌هید ده‌بێت.**

**5:مه‌لا ڕه‌سول : كادیری كۆمه‌له. . . . . شه‌هید**

6 : عومەر چاوجوان (عومەر حەمەعەلی) :ئەندامی کۆمەلە، لە بەر ئەوەی کورێکی چاو گەورەو چاو ڕەش بوو پیان دەوت عومەر چاوجوان. . . شەهید

7:باوکم : وەستا ئەحمەدی کارەبا : سالی 1951 بۆ چاکردنەوەی موەلیدەی کارەبای مالی سەعید بەگ هاتوەتە شاری هەلەبجەونە گەڕاوەتەوە بۆ سولەیمانی، وەک خۆی باسی دەکرد خەلکی هەلەبجە بۆ غەریب لە باوک و برا باشترن، زۆرجار دایکم بۆلەی بەسەردا دەکرد بگەڕینەوە بۆناو کەسو کار بەلام سەر ئەنجام دەرکەوت هەلەبجەییەکان کەسو کاری حەقیقیمانن.

- 8 : شەڕی جاش و پێشمەرگە : جۆرە یاریەک بوو کە مندالان کۆمەلێک دەبونە پێشمەرگەو ئەوانی دیش دەبونە جاش، تفەنگی

تەل و داری تیا بەکار دەهات.

9 :باخی میر : باخێکی گەورەی پڕ لە میوەی جۆراو جۆر بوو، بە تایبەتی هەنار، نزیک بوو لەگەڕەکەکانی کانی عاشقان، زۆربەی مندالانی شار یادگاریان لەگەل ئەم باخچە پڕ بەرەکەتە هەیە، ئیواران بۆ هەندێک شوێنی مەشروب خواردنەوەو گورانیی و خۆمەست کردن و بۆ هەندێکی تر لەژێر پەردەی ڕابواردن و خۆشیدا کاری سیاسی بوو. مامۆستابەکر حەمە سدیق دەلیّ ( ئیبراهیم ئەحمەد کۆمەلیّ فەرمانبەرو ڕۆشنبیری ئەوکاتەی کۆکردەوەو لای باخی میر سفرەو خوانی خواردنەوەیان دەڕازاندەوەو بەلام لە ژێرەوەش خەریکی کاری سیاسی بوون)

10 :عەلە بەڕانی : باخەوانی باخچەی گشتی شار بوو. باخەوانێکی زۆر شارەزا بوو لە ڕازاندنەوەو ڕێکخستنی باخچەکەدا و مندالان چاویان لە گەنجەکان دەکرد بۆ لێکردنەوەی گولّ !! کەئەمە دەبووە جێی نارەزای مام عەلی و بەبەردو جنێو ڕاوی دەنان.

11 :هانە سوورە : دێیەکی ڕوخێنراوە کە دەکەوێتە خۆر ئاوای شاری هەلّبجە. بەشیک لە خەلّکەکەی، لە شێخانی تاوگۆزین و لە وەچەی حەزرەتی مەولەوین!.

12 :دزۆلە : ناحییەکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

13 : ئایار مەلا حەسەن : لاویکی هەلەبجەییە و ئەندامی کۆمەلە بوو، لەلایەن دەستگا داپلۆسێنەرەکانی فاشستەکانەوە دەستگیر کرا و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر و هیچ نەدرکاندن وازیان لیّ هێنا، بە شکاندنی هێلکەی دەلەمە لە بن بالیدا ئەشکەنجەیا دابوو.

14 : شێخ عەلی : ئەندامی کۆمەلە، دواتر لە سالی 1981پەیوەندی کرد بە کۆمەلەی شۆرشگێڕانەوە، بە بریندار لە کاتی شەڕی نێوان کۆمەلەو حیزبی دیموکراتدا شەهید کرا.

. ڕۆژی دووهەم

سەرلە بەیانی لە دەنگەدەنگ خەبەرم بویەوە. سەرەتا کەچاوم بەرزکردەوە، لەژێر دارگۆزێکی گەورە و هاژەهاژی ئاو ودەنگی پەلەوەرەکان و قرچەی سوتانی وشکەداروقاقاو پێکەنینێک کەپێشتر گوێم لێنەبوبوو. تیشکی خۆرەتاو تا نیوەی شاخەکەی ئەوبەرەوە داکشابوو، خۆم بەرزکردەوە و چاوێکی وورد ترم بەملاولای خۆمدا گێڕا. لە پانتاییەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر دەهاتن و دەچوون. لە پڕ یەکێک ووتی چای حازرە، چا تیّ دەکەم. . . عەبدولی حاجی حەمەشەریف هاتە بەرام بەرم و ووتی: هەستە لەخەو ئەی لاوی کورد. نانی گەرمی هەورامی و چای بەپشکۆدەم بوو. لەو هەوا خۆش و لەناوئەو هاوڕێیانەمدا و لە شوێنە دا پاش سەفەرێک کە بۆ من ئاسان نەبو، ئاراحەتیی ئەدا بە گیان. ووردە ووردە دەمناسینەوە و ئەوانەی شەو نەمدیبوون، بەخێرهاتنیان لیّ کردم و لە ناویاندا مامۆستا پشکۆ و دکتۆرکەمال ومەلایاسین ومامۆستاشاهۆ و مامۆستا سەیفەدین (15) ، جگە لە مامۆستا پشکۆ ئەوانی ترم پێشتر دەناسی. دوای نان

www.kurdistannet.org
9-2-2003 17:06

خواردن کەوتنە پرسیار کردن لە دەنگ و باسی خەلک و حکومەت و شار. وورده وورده منیش کەوتمە پرسیار کردن و پاش ماوەیەک چ ئەوان و چ پێشمەرگەکان و چ خۆیشم هەستمان کرد جیاوازی هەیە لە بۆچونەکانماندا، ئەگەر چی هەمووشمان سەر بە یەک ڕێخراوین. ئەوەی کەجێگەی سەرنجم بوو!!لەوناوچەیەدا مامۆستا پشکۆ وەک بەرپرس دەناسرا، کەچی ئەوەی بەتوندی وەڵامی ئەدامەوە مامۆستا شاهۆ بوو. هەرچەندە دکتۆر کەمال هەولی ئەدا وای نیشان بدات کە ئەو کەسانەی تازەدێن، تاراڕدێن قسەی کتێبی زۆر دەکەن، پاشان لە گەل زەمەندا تێدەگەن. . . ئەم بۆچونەی ئەوم ڕەفز بوو، چونکە چەند ساڵێک پێشتر دکتۆرم دەناسی و دەمزانی بیر کردنەوەی چۆنە، بۆیە پێم تاوان بوو بۆ کەسێکی مارکسیست ئاوا قسە بکات. مەسولەکان کاری تایبەتیان هەبوو دەبوایە بڕۆیشتنایە، دکتۆر بانگی کردم ووتی ئێرە جێگەی تۆ نیە و ئەو قسانەش بەرهەمیان نابێت، باشتر وایە بگەڕێیتەوە، خەلک دێنە لامان و چەند ڕۆژیش دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە، یان دەبێت خۆت لەگەل واقیعەکەدا بگونجێنی و کەیفی خۆشتە من وەک هاوڕێیەکت قسەت لە گەل دەکەم. ئەم قسانەی کاک دکتۆرم لاسەیر بوو و خستمیە دەریای بیرکردنەوەوە. شتێک کەوای لێ کردم خۆم ئامادەبکەم بۆ ئەو ڕووبەڕووبونەوەیە، لە کاتی موناقەشەکاندا هەستم دەکرد پێشمەرگەکان بە حەماسەوە گوێ بۆ قسەکانم دەگرن و بە ئاشکراش دیاربوو ئەوەی کە پێی دەوترا دیموکراتی مەرکزی وجودی نیە، کە دەکرێت مرۆڤ بە سوود وەرگرتن لەو هێزە ناڕازییە کارێک بکات. . . . بن ڕانت چۆنە ؟ دوو سێ جار چەوری کە چاک دەبێت!. ئەم پێشمەرگەیەم نەدەناسی، کوڕێکی باڵاکورتی ئێسک سوکی ڕیش تەنک، مەلحەمەکەی بەدەستەوە بوو. . . . ئەوە لەناو جێگەکەتا جێت هێشتبوو، قسەکانتم زۆر بە دڵ بوو. . هەق وایە هەمومان قسە بکەین، تۆ تازەیت هێشتا نازانی ئازاری هاوڕێیانێ کە شەهید دەبن چیە؟. . هێشتا ناخۆشیەکانی پێشمەرگایەتیت نەچەشتوە. ئەو موشکیلانەی کە توشی کەسوکارت دەبێت نازانی، بۆیە نابێت بهێلین ڕەنجمان و ڕەنجی هەژاران بە فیڕۆ بچێ کە چاوی هیوایان بڕیوەتە ئێمە، عەمرباقی بێت با بچینە جەولەی دێهاتەکان ئەوسا دەزانی ئەو خەلکە چەندە دلسۆزولەخۆ بوردوون. . . . من ناوم فەرەجی کۆیخاکەریمە ڕەفیقی حەمەی براتم و هاتومەتە مالتان. قسەکانی کاک فەرەج هیوایەکی زیاتری پێ بەخشیم و عەزمێکی گەورەشی دامێ. خەریکی قسە کردن بووین لەپڕقۆلی گرتم و ووتی با بڕۆین، هەمویان خۆیان بەستبو!! بۆ شەڕ ؟ ئائا بۆ شەڕ، شێخ عەلی ووتی ئاگات لە خۆت نەبێ شێتت ئەکا. . ئەوە سالەی مەجیلانە و بەعالم ڕادەبوێرێ. ماوەی چارەکە سەعاتێک لە مقەڕ دوورکەوتینەوە، سالح باسی شەڕ و مەترسیەکانی و جەولەو سەرکردایەتی و کەوتن بەسەر کەمین و کەمین دانان و. . . بۆ دەکردم و لە دوای هەر باسێکیش دەیدایە قاقای پێکەنین. . . . کوڕە وازی لێ بێنە مەیتۆقێنە!. . . . ئەوە بۆ بەقنگی ئەوەوە نوساوی؟. . . دەوەرە لای ئێمە!. سالح یەکێک بوو لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم لە شاردا، مرۆڤێکی هەتا حەز بکەیت قسە خۆش و مەجلیس گەرمکەر بوو. تا لە شاردا بوو، قاقا و پێکەنین لە زاریا نەدە بڕا وا ئێستاکەش لێرە هەر وایە، هەر بۆیە شێخ عەلی زوو فتوای گالتە بازیەکانی دا. چوینە سەر کانی و حەوزێکی دێیەکی ڕووخاو، ئەوە هەچەکەی مام سالح نەهات ؟. با ئاگرەکە بکەینەوە و سکل بخات، کۆتەرە داری گەورە گەورەیان هێناو ئاگر کرایەوە !! دەمویست قسەیەک بکەم سەبارەت بەو ئاگرە، بەلاّم هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی یەک لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەن تەجروبە بوون، دوەم لە ترسی ڕابواردنی سالح. جیڤارا باس لە جێ نەهێشتنی بچوکترین جێگە پێ و نیشانەدەکات. . . .

ـ سیانم بۆئەوان بەجێ هێشت و چواریشم هێنا لە گەل نان و خەیارەکاندا، تەماتەکانیش فلیقابونەوە لەوێ بەجێم هێشت.

ئێستا تێگەیشتم کە بۆ مریشکبرژاندن هاتوینەتە ئێرە. . . .

_ ئەوە هەچەکەش هات!!!.

دەم ویست بپرسم بۆ بە هێرشی وەستا سالح دەلێن هەچەکەی مام سالح!.

_ هاوڕێ هێرش بەخێر بێت. . . . کورە هاوڕێی چی. لێمـانی زل مەکە. هێرشیش بەدەم قاقایەکی گەورەوە ووتی وازی لێ بێنن. . ئەمیش دوو ڕۆژیتر ئەم هاوڕێ و ماوڕێیە تەرک ئەدات. جارێ هەلمی لێهەلدەستێ.

لەو چەند کاتژمێرەی کە ڕابوورد، زۆر قسەی تازە کە پێشتر ئەگەر لە دەمی کەسێکی ناو شارەوە بمبیستایە یەکسەر بە بەکرێ گیراوی حکومەت تاوانبارم دەکرد. ئاخۆ ڕۆحی هاوڕێیەتی ئەوەندە لاوازە وا هێرش بەئاسانی دەلێت ( هاوڕێ و ماوڕێ) ؟. ئاخۆ منیش پاش ئەوەی هەلم لێهەلسانەکەم تەواو بوو، ئەم گەرم وگوڕییەم سارد ببێتەوە ؟!!. باشە خۆ بیستومە دەلێن کاک (ئارام) وتویەتی هەورامان بنکەی سووری کۆمەلەیە. ئای بە چ گەرم و گوڕیەکەوە هاتووم، کەواتە ئەو قسانەی هەندیک لە هاوڕێیانی ئەبوغرێب دەیانکرد، هەندێک ڕاستی تیابوو و ئەوان کەسانی ڕووخاو و بودەڵەنەبوون.

بۆنی مریشکی برژاو گەیشتە لووتم.

سالح هاواری کرد : شێ حەلی ( شێخ عەلی) ئەنوەر بەرەو تۆزیک کنیوال (**16**) بێنن با مەعیدەی ڕابێت. بەدەم نان خواردن و قسە کردنەوە دوو کاتژمێریکمان بردە سەر و ئەوەی کە پێی لە سەر دادەگیرا، جیاوازییەکی زۆری نیوان ڕێکخستنەکانی شارو دەرەوەو مانەوەی کۆمەلە وەک قاوغێکی بەتال و زالبونی بالی جەلالی و بێ دەستەلاتی کادیرو پێشمەرگەکانی کۆمەلە لە بڕیارەگرنگەکاندا و جێبە جێ کردنی کوێرانە و بێ بیرکردنەوەی هەموو بیرو

بۆچونەکانی سەرکردایەتی. هەندێکیان ڕق و کینەیان دەربڕی بەرانبەر تحریفیەکان و جاشەکانی قیادە مۆقەتە و دز و بێ ئەخلاقەکانی حسک و پاسۆک. بۆیە ناچار بووم قسە لەسەر شۆرشی ڕزگاری نیشتمانی و نەکەوتنە داوی شەڕی کۆنەقینی جەلالی و مەلاییەوە بکەم. عەلی مەجید (**17**) ( هێمن) و فەرەج زوو زوو قسەکانان پێدەبڕیم و درێژەیان پێدەدا و ئەوانی تریش زۆر نارازی نە بوون لەم قسانە، بەلام سالح بە پێکەنینەوە ووتی ئێمە قوڕی سەناعەین کۆمەلە چیمان لێ دەکات ئارەزووی خۆیەتی، سەری خۆتان بۆ دەیەشێنن، هەتا یەک سال قسە بکەن، مامە بە یەک دەقە هەلیدەوە شێنێتەوە و تازە مەسیریشمان بەستراوە بەم شوڕشەوە!!. . هەندێک پێشمەرگە ناحەقیان نیە دەلێن شەڕی کوردو عەرەبەو لەسەر کورد دەکەمەوە!. . .

وازبێنن باتۆزێک فێری سیلاح بەکار هێنانی بکەین. زۆر سەرم لەو قسانە دەسورما باشە چۆن وا زوو سەیتەرەیان بەسەر عەقلی ئەم گەنجە بزێوو خوێندەوارانەدا کرد. خۆکاتی خۆی ئەمەندە سرک بوون، ڕۆحت دەردەچوو تا قەناعەتت لە سەر شتێکی سادە پێ دەکردن. ( حەمە تۆفیق) (**18**) یش ووتی حەز دەکەم ئاگادارت بکەم ئەو قسانە لە هەمو شێونێکدا مەکە، پێشمەرگە و خەلکیش زۆر هەن کەوا بیر دەکەنەوە، هەموو شتێکیش کات و شێونی خۆیی هەیە و شۆڕشیش درێژ خایەنە.

لە دووری **30** مەترێکەوە، بەرمیلێکی ژەنگاوییا لەسەر پاشماوەی دیوارێکی ڕووخاوی یەکێک لەو مالە ڕووخاوانەی کە لە ئۆردووگا زۆرە ملێکاندا کۆکرابوونەوە دانابوو.

_ وەرە قەرەولی لێ بگرە!. . ئەم قۆناغە لە شانت توند بکە. . بە دەستی چەپ ئەم مشتە بگرە و بە دەستی ڕاستیش ئەم ژێردارە. .

_ ئەخر سالح کێ دەلێت ئەو چەپلەرە!. .

www.kurdistannet.org
9-2-2003 17:06

ـ كه پەنجەت بە پەلەپیلكەكەدا نا هەناسە لە خۆت ببڕە!. . ئەها ئەم چالە دەبینی !! لەگەل ئەو قەرەولەدا جووت بكە!. . پەنجەی پیانێ خۆی ئەڕوا!!.

ئەم قسانەی بۆ دەكردم و دەی دایە قاقای پێكەنین و ئەوانیش بەدوایدا پێدەكەنین. ئەوەی ئەو وتی كرد م و پەنجەم پێد انا. كردیە چەپلە لێدان.

ـ برۆ سەیری كە بزانە كون بووە !!. ڕۆشتم. چوار دەوری بەرمیلەكەم پشكنی، هیچ كونێكی تیا نەبوو، بەلأم بنەكەی لە ڕزیویدا كەوتبو!. هاوارم كرد: نا كون نەبووە!. . دایانەوە قاقای پێكەنین.

ـ دە جگەرەییەك لەسەر دیوارەكە بنێرەوە و بگەڕێرەوە!. كاكە شێخ (فەیسەل مەلا عەلی) (**19**) دوور بینەكەی خۆی دامێ و سەیری جگەرەكەم دەكرد. لەگەل دەنگی تەقە، جگەرەكە كەوت!. ووتم: ئاخر من دەستم بە سیلاح ڕانەهاتووە و مەسافەكەش زۆرە. .

ـ باشە با بچینە پێشەوە. چەندهەنگاوێك چوینە پێشەوە و تەقەیەكی ترم كرد، كە چوم بۆ سەیری بەرمیلەكە ئەم جارەشیان كوون نەبوو. . تۆزێكی كە بچۆرە پێشترەوە!. چەندهەنگاوێكی تر چوومە پێشەوە، ئیتر ئەم جارەیان هەقە بیپێكم. . خۆ ئەگەر قۆچەقانێش بێت. تەقە یەكی ترم كرد و دایانە قاقای پێكەنین. . كوڕە سالەی مال خەراو وازی لێ بێنە!. كائەنوەر ئەوە فیشەكی موختار كوژی هاتیا!!. عەلی عوسمان (فەرهاد) ڕووی تێ كردم و وتی:

ـ هاوڕێ گیان ئەمە ژیانی پێشمەرگایەتیە، ئەگەر جارجارێك جەوێكی پێكەنین و خۆشی دروست نەكەین لەم شاخ و چۆلەوانیەدا شێت دەبین. لەوانەیە تۆ وای نەبینی بەلأم ماوەیەكی تر ڕادێیت. ئەی باشە ناكرێت لە مقەڕدا خۆتان بە خوێندنەوە و موناقەشەو پلان دانان خەریك بكەن ؟ ئەو پرسیارە چەند مانگێكی ترخۆت وەلأمەكەی دەزانی !!. باشە بۆ وەلأمی نەدامەوە، لەم چەند كاتژمێرەدا هەستم بەوە كرد كە كاك فرهاد یەكێك بێت لە بەرپرسەكان ئەگەر چی بەكاك یان بە هاوڕێ بانگی ناكەن. . هەموویان بە ( فەراو یان فەرهادی كۆكەن) بانگی دەكەن !! وازی لێ ناهێنم بچوكترین ساتم دەست بكەوێ، دەیدوێنم. ئەم كاتی خۆی چەند جارێك بینیومە و كاك ئەنوەر (**20**) زۆر ڕێزی لێ دەگرت و هەر بە وەستا گیان قسەی لەگەل دەكرد، جارێك لەو جارانە لە نانە دڕۆزنەدا (**21**) كەوتە باسی چینی كرێكار و زەحمەتكێشانی شارو دێ، نمونەی خەباتی حیزبی شیوعی چین و ماوتسی تۆنغی دەهێنایەوە.

ئێوارە دوای نان خواردن وەرەقەی حەرەساتیان هەلواسی، منیشیان دانابوو بۆ كاتژمێر **8ـ9** لەگەل كاك ڕێبوار حەمە لەتیف (**22**) دا. چەند پەڕتوكێك لەناو پەنجەرەكەدا دانرابوون، ئەم پەڕتوكانە هۆیەكی باشن بۆدامەزراندنی قسەوباسێك لە ناویاندا. یەكێكیان (بومەلەرزە لە گۆمی مەنگدا) ی كاكەمەم بۆتانی بوو. . سەرم پێیداشۆڕكردەوە بۆ دێرێك دەگەڕام كەپیشانی یەكێكیان بدەم و كۆڕی قسەو باس گەرم بكەین، مەلاڕەسول ووتی بەهۆی چالاكی و جەولە و شەڕی لابەلاوەوە خوێندنەوە كەم بۆتەوە، پارو پێرار هەریەكەمان بەردەوام كتێبمان پێ بوو، جەدەلیش زۆر بوو، بەلأم ئستا كەم بۆتەوە.

ـ باشە خۆئێستا چەند سەعاتێك مەجال هەیە بۆ بەكار نەهێنرێ بۆ ئەو جەدەلەی كە باستان كرد ؟. . .

ـ پێشمەرگە ئەو تاقەتەی جارانی نیە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیزاعەكە كرایەوە، هەمو ئەو چالاكی و ووتارانەت بەئاسانی دەخاتە بەر دەست.

ـ ئاخر ئیزاعەكە زۆرشت هەیە شی ناكاتەوە بۆنمونە شیعاری ڕوخاندنی ڕژێم و بەدی هێنانی حكومەتێكی ئیئتلافی دیمقراتی كە مافە نەتەوەییەكانی كورد دابین بكات، لە چ شوێنێكی دنیادا ئەو حكوماتانە مافیان دابین كردوە ؟ بۆیە من پێم وایە ئەو شتانە دەبێت ڕونبكرێنەوە.

لێرەوە موناقەشە دەستی پێکرد. ئەوانەی کە قسەیانکرد لە باسەکەدا پێیان دادەگرت کە ئەو شیعارە واقعی نیە و ئاسنی سارد کوتینە. ڕزگار عوسمان ووتی: کەواتە ئەوانەی چ لەشارو چ لێرەشەهید بوون بە ناحەق تیاچوون !!.

_ نا هەموو ئەو قارەمانانە و ئێوەو خەلکانی تریش کەقۆلی خەباتتان لێ هەلکردوە لەپێناوی سەرکەوتن و ڕزگاری هەژاراندا خەبات دەکەن. ئەم تەزحیەو گیانبازی و زەحمەتەش بەفیڕۆ ناچێت، ئەگەر ئامانجەکانمان بە ڕوونی ببینین. . کێشەکە لە وەدایە نەزانین چی دەکەین و بۆچی دەیکەین، ئیمە دەبێت پرسیار بکەین و وەلام وەربگرین، وەلامەکانیش دەبێت لەگەل ئاواتەکانماندا بێتەوە. خەلک زۆری لە ئێوە بیستوە، لە پاکیتان لە دلسۆزیتان لە بونتان بە سوتەمەنی چرای ئازادی، سوێندی گەورەی خەلکی گۆری شەهیدانە بڕۆن سەیری کەسو کاری شەهیدان بکەن بزانن چ ڕێزو خۆشەویستیەکیان هەیە !! پێشمەرگە هیوای هەژارانە ئەو مرۆڤە مەزنەیە گیانی خۆی دەبەخشێ لە پێناوی شادی هەژاراندا، ئەوانیش چاوی هیوایان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی کە ئاواتەکانیان دێتە دی. هەر بۆیە دەبێت بزانن ئێوە هەر خۆتان نین و بەس، ئێوە مەسولن لەو هەژارانە و پێشەنگی هەژارانن ولە هەر ناخۆشیەکیان ئیوە و منیش خەتا بارین. . . . _ شتێک هەیە کە نەدوێنێ و نە ئەمڕۆ باست نەکرد ئەویش شۆڕشی چەواشە یە !!

_ هاوڕێ فەلاح (23) گیان زولم و زۆری ئەو ڕژێمە فاشستە کارێکی وای کردوە کە ئینسانی کورد بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێت تەمەڕود دەکات، دیارە هەندێکیان بەئاگاو وشیارن و دەمێکیشە هەستیان بەڕێگا چارە کردوە بۆیە بەشێوەی جۆراو جۆر هەولیان داوە لەیەکتری نزیک ببنەوە یان پەیوەست بن بە ڕیزی لایەنە سیاسیەکانەوە کە کۆمەلە یەکێکە لەوان، باقیەکەی تریش کە زۆربەن لە شارەکاندا، بە شێوەی جۆراو جۆر مقاوەمەی بەعس دەکەن یان ڕوودەکەنە شاخەکان و پەیوەست دەبن بە پێشمەرگەوە. ئەو کەسانە بۆیان گرنگ نیە چ حیزبێکە، گرنگ ئەوەیە پێشمەرگەن و چەکیان هەلگرتوە بۆ دیفاع کردن لە میللەتەکەیان. ئیتر پاش مانگان و سالان حیزبەکان دەست دەگرن بەسەر عەقلیاندا و بۆ مەبەستە کانی خۆیان لەژێر ناوی دیفاع لە میللەت و مەسلەحەتی میللەتا بەکاریان دەهێنن. پێویستە ئەوەش بلێم ئەوانەی کەمن ئەیان ناسم چەکیان لای قیادە مۆقەتە و شوعیەکان هەلگرتوە کە پێشتریش تەنزیمی ئەوان نەبوون، هەمویان کوڕی هەژارانی هەلەبجەن. با دوور نەڕۆین کامەمان کوڕە دەولەمەندین ؟. . کەواتە کاتێک من شوعیەک یان قیادەمۆقەتەیەک دەکوژم، یان بە پێچەوانەوە ئەوە ڕووی سیلاحمان کردوەتە سنگی خۆمان بەبێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێت، نازانم ئەگەر من عەبەی مامە یان شێخ کەمال (24) لەم شاخانە ببینم چی ڕوودەدات؟!. . .

_ وەلا زوو نەیەیتە دەست وەک بێژنگت لێ دەکەن!. . .

_ ئاخر لەگەل هەردوکیاندا ڕەفیق بووم و لە یەک تیپدا فوتبۆل ێنماندەکردو لەگەل عەبدولا پێکەوە کرێکاریمان دەکرد و کوڕی یەک شارو یەک زمان و هەزارو یەک پەیوەندی تر پێکەوەمان دەبەستێتەوە. . .
.

_ ماالعمل چی بکەین ؟.

_ دەبێت بزانین دۆست و دوژمنمان کێن و بەچاوی ڕقەوە سەیریەکتری نەکەین و بە عەقلی خۆمان بیر بکەینەوە، وە دەبێت بزانین بۆ هاتوینەتە ئێرە.

پێناسەی ناوەکان:

**15**: مامۆستا سەیفەدین : کادری کۆمەلە، سەرلەبەیانیەک کە هێشتا خۆرنەکەوتبوو، لە مالی مامە عەلەی گەلالی نان و چام دەخوارد شەهید (خولە گەرمیانی) بە چاوی فرمێسکەوە هاتەلام و وتی ( (

مامۆستا سەیفەدین و سوارە (جەلیل) کوژریان) ) . سوارە برازای مامە عەلەبو، ئەم دوو کادرە لەلایەن حیمایەکانی خۆیانەوە تایەرمۆریاسی و ئازادە ڕەشەوە شەهید کران.

16:کنیوال : جۆرە گیایەکی کێویلەیە لە کەوەر باریکترە و تامێکی تونی هەیە وەک بەدیلی سەوزە و شلە پێشمەرگە لە خواردندا بەکاریان دەهێنا.

17 :عەلی مەجید (هێمن) : ئەندامی کۆمەلە، لە کاتێکدا بۆ چالاکی دەست گرتن بەسەر میوان خانەی هەلەبجەدا کە هەوال وابوو دەستەلاتدار بعسیەکان لەوێدا کۆدەبنەوە لەگەل چەند پێشمەرگەی هەلبژێردراوی مەفرەزە جیاجیاکاندا بۆچالاکیەکی دیاری کراو 3 جار چونە هەلەبجەوە بەلاّم بەبێ ئەوەی هیچ بکەن دەگەڕانەوە. بۆ جاری چوارەم شەو کەوتن بەسەر کەمینێکدا کە لە 3 بازنە پێکهاتبوو، کە بە گەورەترین کەمینی ڕژێم دادەنرێت بۆ پێشمەرگە و دواتر هەوال وا بلاّو بوویەوە کە ڕژێم نیازی بووە تا ڕۆژ دەبێتەوە چوا دەوریان بگرێت، پێشمەرگەکان هەست بەوە دەکەن کە کە فیشەکی گردار بە بازنەیی و لە سێ 3 دووریەوەیە بۆیە بڕیاری خۆ دەرباز کردن ئەدەن. پێش ئەوەی تفەنگ قەرەولبدات ( ڕووناک بوونەوە) ، هاورێ هێمن لە دووەمین بازنەدا قاچی بریندار دەبێت و بە هاورێکانی دەلێت من مەشغولیان دەکەم ئیوە دەرباز بن. دەمەو بەیانی هێزەکەی ڕژێم نزیک دەبنەوە لێی و داوای خۆ بەدەستەوە نانی لێدەکەن پاش ماوەیەک لە قسەکردن هێمن بڕیاری تەسلیم بوون ئەدات. کاتێک کەنزیک دەبنەوە لێی لەبەر ئەوەی فیشەکی پێنامێنێت تەنها ڕوومانەیەکی پێ دەمێنێ و ئامادەی کردبوو هەلی ئەداتە ناویانەوە دەبێتە مایەی کوژرانی یەکێک و بریندار بوونی دوانی تر. هێمن دەستگیر دەکەن و دەیخەنە بەردەم تەحقیقەوە، چەند جارێک لە هەلەبجەوە دەیبەنە سلەیمانی تاجارێک لەو جارانە پێشمەرگە پێیدەزانن و فریادەکەون کەمینێک لەسەر جادەی هەلەبجە سەیدسادق دابنێن و دەست ڕێژ لە ئیسعافەکەدەکەن و ئەمنێک دەکوژرێت و یەکێکیش بریندار دەبێت و هێمنیش بریندار دەبێت. لە خەستەخانەی جامعە لەسلەیمانی، مان لەخواردن و خواردنەوە دەگرێت پاش 14ڕۆژ گیانی خۆی دەبەخشێت، زابتی تەحقیقی استخباراتی هەلەبجە لە خەستەخانەی هەلەبجە کە لە ڕەشەی سالحە تووڕەبوبوو، وتبوی ئەگەر پێشمەرگە وا بن مانەوەما ن موستیحیلە و شیمال دەکەن بە ئاگر لەژێرپێماندا.

: کاتێک لە شاردا بووین چەند جارێک هێمن پێی ووتم نایەلم بە ئاسانی بمرم هەر کە مردن بێت، دەچم لە بورجی ئیقل خۆم دەخەمە خوارەوە

18: حەمە تۆفیق :

ئەندام و کادری عەسکەریی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. . فەرماندەی کەرت بوو.

شەیک لە شەوانی ساڵی 1981 لە شاری هەیبجە کەوتە کەمین و شەهید کرا!.

19: کاکە شێخ ( فەیسەل مەلا عەلی) ئەندامی کۆمەلە. لە شەڕی کونەمشکێ لە خۆرهەلاتی کوردستان شەهید بوو لەگەل چەند پێشمەرگەیەکی تری هەوراماندا.

20: کاک ئەنوەر : ( وەستا ئەنوەر) یەکێکە لە کەسایەتیەکی هەرەخۆشەویست و ناودارەکانی هەلەبجە و کادیری پێشکەوتوی کۆمەلە، کە زۆرێک لە گەنجانی هەلەبجە سوێندیان بە گۆری دەخوارد. لەلایەن ڕژێمە فاشستەکەی بەعسەوە دەستگیر کرا و پاش تەعزیب دانێکی زۆرو بێ وێنە و ئعتراف نەکردن، پێستی سەری دائەمالن و شیلەو مێلورەی تێ بەر ئەدەن.

21 ( نانە درۆزنە) لە ناوچەی هەلەبجەو شارەزوور کرێکاران بە پشوی نان خواردنی کات ژمێر 9 پێش نیوە ڕۆ دەلێ نانە درۆزنە

**22**: ڕێبوار : ( ڕێبوار حەمە لەتیف) پێشمەرگەی هەورامان لە شەڕێکی نێوان یەکێتی و پارتیدا لە سەر ئاوی سیرواندا گولەیەک بەر ژێر ئەژنۆی کەوت و توشی خوێن بەر بوون بوو لەبەر تێکەڵاو بوونی هەردوو هێزەکە کەس نەیدەتوانی فریای بکەوێت و تا شەهید بوو هەر هاواری مامۆستا پشکۆی دەکرد. شەو کەچوینە سەری لەتاو ئازاردا پەنجە گەورەی دەستی چەپی خستبوە ناو دەمیەوە کاتێک دەستیمان لە دەمیا دەرهێنا چەند دانێکی شکابوو هەروا ڕەقای دەستیشی.

**23** : فەلاح : (فەلاحی حەمە بۆر) ئەندامی کۆمەلە، ئامر مەفرەز و لە دوای ڕاپەڕینی خەلکی کوردستان بەرپرس بوو لە سوپای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستا لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەژی.

**24** : عەبەی مامەو شێخ کەمال : خەلکی هەلەبجەن. عەبەی مامە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بوو، کە مرۆڤێکی خۆشەویست وکورە هەژار کە هەژاری چۆکی پێ نەدا ئێستا لە کوردستان دەژی. شێخ کەمال کادری ئەو کاتی قیادەی مۆقەت کە بە شێخ کەمالی نانەوا ناسرابوو ( شەهید بووە)

ڕۆژی سێهەم

سەرلەبەیانی ئەمرۆ هەرهەموویان خەریک بوون بە سلاح پاکردنەوە و چەورکردنی، مەخزەن پرکردن و خۆشتن، منیشیان خستە بەینی خۆیانەوە و سەیری دەستیانم دەکرد و بۆیان شەرح دەکردم. هەستم بەخۆشەویستیەکی زۆرعەجیب دەکرد لەنێوانیاندا. ئەوان لەنێوان خۆیاندا بەکاک یان هاوڕێ بانگی یەکتریان نەدەکرد تەنیا من بووم ئەو وشانەم بەکار دەهێنا، سیمایان لەجاران زۆر جوان تر بوو، هەستت بەگۆرانێکی گەورە دەکرد لە شێوە و ناوەڕۆکیاندا . . ئاوم گەرم کردوە بچۆخۆت بشۆ. ئەم جلانەش لەبەرکە، تاجلەکانی خۆت ووشک دەبێتەوە. . حەمە تۆفیق!، باجارێ تۆزێک نیشانەش بنێتەوە، دوای ئەوە. ئەمجارەیان بە فیشەکی ڕاستی نیشانەم نایەوە، دەست و مشتم باش بوو، بە سەرە بزوتکێک خەتێکی پانیان کردە بەرمیلەکەی دوێنی، نزیکەی **10**فیشەکێکم تەقاند، چواریان بەر خەتەکە کەوتبو، زۆردلم پێخۆش بوو، مرۆڤ گەر بیەوێ فێرببێت، هیچ شتێک زەحمەت نیە بۆی.

یەکەمین جارە بەم شێوەیە خۆم دەشۆم و جلی دووڕەنگ لەبەر دەکەم، ئەو مەلحەمە زۆر باش بوو، خۆزگە فرسەتێکم دەست دەکەوت چەند دانەیەکیان بۆ بناردمایە. دوای نانی نیوەڕۆ بۆجارێکی تر مامۆستا پشکۆ و مەلایاسینم بینیەوە، ئەوانی تریان لەگەل نەبو، پرسیاریان لێکردم دەربارەی ئەو دووڕۆژەی کەڕابورد، ڕەزامەندی خۆمم نیشان دا و باسی قسەکانی دوێنێ شەویشم کرد، پێیان ناخۆش نەبو، مامۆستا کەوتە قسەکردن. ئەگەر چی هەندێکیانم بە دل نەبو، بەڵام بەوە قەناعەتم بە خۆم کردکەئەمە واقعێکەو هەیە، دەبێت ژیرانەو بە ووردی هەلسو کەوتی لەگەل بکرێت.

ڕیزێکی دوورو درێژی یەک بەدوای یەکەوە بە شاخەکەدا هەلگەڕاین. نێوانی یەکێک و یەکێکی تر چەند مەترێک دەبو. من لەنێوانی حەمە تۆفیق وسالحدا بووم. دەمەو ئێوارە گەیشتینە باوەکۆچەک. خەلکی دێکە، زۆر بەگەرمیەوە پێشوازیان لێ کردین. دوو دوو سێ سێ بوینە میوانیان. کاک فلاح من و چەند کەسێکی بردە مالی خۆیان. مام حەمەبۆر کەبینیمی دەم و دەست ناسیمیەوە، زۆر خۆشحالی خۆی دەربڕی. لە سەرەتای دانیشتنمانەوە تاهەلسانمان قسەو باس کرا. جێی خۆشحالیە ئەو خەلکە ئەوەندە باوەڕیان بە پێشمەرگە هەیە و بەو شێوەیە بیروڕادەگۆڕنەوە.

دنیا تەواو تاریکی کردبوو. گڵۆپی سەرجادە و مالەکانی هەلەبجە ئەدرەوشانەوە. لێرە بەدواوە بەڕۆژدا سەرجادەو کۆڵانەکانی هەلەبجەم لێ حەرام کراوە، ئەمە زۆرناخایەنێت، سەرکەوتنمان پەیوەستە بە ڕادەی دلسۆزی و تێگەیشتنی ناکۆکیەکانەوە. دەبێت ئەوزەمینەیە خۆش بکەین. بە درێژای توولە ڕێی نیوان باوەکۆچەک و گولاندا، چراخانەکانی هەلەبجە دیار بوون. ئەم دەشت و دەرە زۆرباش شارەزام.

مانگی چەندجارێک سەردانم دەکرد. من غەرقی خەیاڵاتی خۆم بووم لەپڕ خۆم دا بە حەمە تۆفیقدا. وتی لێرە بەدواوە بانێوانمان دوو هەنگاو زیاتر بێت. ئەگەر تێیان خورین یان تەقەمانلێکرا لەشوێنی خۆتا دانیشەو نەجولێیت، بەسالحیش بلێ مەسافە !! ئەوکاتە گەیشتبوینە پشتی سەرقەبرانەکەی شێخ سمایل، چەند دەقیقەیەکی تررێمان دەکرد لەپڕ مامۆستا پشکۆ بەراکردن بەلاماندا بۆدواوە گەڕایەوە، ئاخۆ چی رووی دابێت وا مامۆستا چووە دواوە تۆبلێت فەقیرو هەژارەکە پێش بخەن و خۆیشیان بچنە دواوە، ئەم گەڕانەوەی جێگەی ڕەخنەیەکی زۆر توندە، خۆدەشیان ووت دەبێت ئێمە یەکەم بین بۆ ناخۆشی و مردن و ئەخیر بین بۆ خۆشی و خواردن، تا دووسالێکیش لەمەو پێش ئەوانەی کەشەهید دەبون وپێشەنگی چالاکیەکان بوون زۆربەیان بەرپرسەکان بوون هەر لە دکتۆرەزاو شەهید ئەحمەد گریانەیی و کاک فەرەج تریفەیی و مەلائێبراهیم و کاک حسێن مەجیدمەلاحامید، جارێکی تر مامۆستا بەرەو پێشەوە بەتەنیشتما رایکردەوە و لەپروەستاو . پێی ووتم ئەگەر هەرشتێک رویدا لە سالح و حەمە تۆفیق دانەبڕێیت. تۆزێک لە ریزەکە هاتمە دەرەوە بزانم چی دەکات تاچاوم بڕی دەکرد بەرەو پێشەوە ڕایدەکرد. دەنگی سەگ وەرلە دوورەوە دەهات لە بەری دەستی ڕاستمانەوە چەند روناکیەک لە دوورەوە دیار بوون. ئەم ماوەیەی نێوان مقەرو ئێرە هەستم بە ماندوو بوون نەدەکردئەگەرچی چەک و تاقمیشم پێ بوو، بەلام دەرپێ فەقێییەکەم لەترسی سوتانەوە خستە ناو ئەو ئاگرەی کە ئاومان پێ گەرم دەکرد و باقی مەلحەمەکەشم نەیانەوە و بۆ احتیات خستمە گیرفانمەوە. دەنگی سەگ وەرەکە زۆر نزیک بوویەوە و تروسکاییەک دەرکەوت، پاش چەند چرکەیەک دەنگە دەنگ و بانگکردن پەیدا بوو لەگەلیاند شەوقی لایتی دەستی، کاتژمێر 9 شەو دەبوو. . .

_ هەشت کەستان لەگەل من وەرن!. من بەر ئەو هەشت کەسە کەوتم لەگەل کاک فەرهادا بووین بە میوانی مالێک. وێنەیک کەلەچوارچێوە گیرابوو چواردەورەکەشی بەگولی نایلۆنی ڕەنگاوڕەنگ گیرابوو، دانیشتنەکەی من واهەلکەوتبو وێنەکە بەرامبەرم بوو، خاوەن مالەکە ژنێکی ڕەشپۆشی زمان شیرین ورووخۆش بوو. چاوم بڕیبوە وێنەکە و حەزم دەکرد بپرسم ئەو وێنەیە کێیە !. بەدەم نان خواردنەوە ژنەکە چەند پرسیارێکی کرد. دەمویست وەلام بدەمەوە بەلام قسەکەی حەمە تۆفیقم بیر کەوتەوە کە ووتی ئەو قسانە لەهەمو شوێنێکدا مەکە بۆیە بێ دەنگ بووم، ژنەکە ووتی برا ئەوە بۆقسەیەک ناکەیت. . . گوێ لە ئێوە دەگرم زۆرم پێ خۆشە خەلک ئاوا قسەیان هەبێت و لە مەسیری خۆیاندا بەشدار بن. . ئێرە دووەمین مالە کەنمەکیان دەکەم. خۆش بەختانە هەردوو مالەکە بە ئاگاو زمان پاراو بوون. خۆزگە هەموو ئەو خەلکەی کە عەودالی ئازادی ورزگارین لە ووردو درشتی شۆڕش و میللەتا بەشدار دەبوون. . . بۆ تازە بوویت بە پێشمەرگە ؟ بەلێ، هیوایەکی زۆر گەورەشم بە ڕزگاریمان هەیە بە تایبەتی کە خەلکانی وەک ئێوەو هەندێک پێشمەرگە م بینیوە، ئەو ڕەسمە کێیە ؟ پێش ئەوەی وەلامت بدەمەوە با پرسیارێکت لێ بکەم. خەلکی هەلەبجەی ؟ بەلێ، بەلام لە سولەیمانی تەلەبە بووم. . . ئەوە شەهید عریف مەحمودە (25) . زۆرم لە سەر شەهید عریف مەحمود بیستبوو تارادەی ئەوەی ئەوانەی کە دەیانناسی موبالەغەیان پێوە دەکرد. لە لیوای موغاویربووە و لەشولارێکی پتەو توانای خۆگرییەکی زۆرو شارەزاییەکی باش لە زانستی شەڕدا هەبووە بیستبوم لە شەڕەکەی ( قاینەجە) ئەگەر عریف مەحمود نەبوایە کەسیان دەرنەدەچون، ئەو شکستەش دەبووە هۆی وورە بەردانی خەلک چونکە یەکەمین شەڕی نێوان پێشمەرگەو فاشستەکان بوو دوای هەرەسی شۆڕش. ئەو شەوە هێزێکی گەورەی ڕژێم کە هەر لە نیوەڕۆوە خۆیان ئامادەکردبو کات ژمێر 3. 30 شەو چواردەوریان گرتبون پێشمەرگەکان 7کەس بوون بەلام 3 کەلاشینکۆف و یەک دەمانچەیان پێ بوو، ئەوان قارەمانیەکی گەورەیان نواند و وورەی گەلیان بەرز کردەوە. شەهید

مەحمود ئەوەندە شارەزابوو توانیبوی نهێنی شەو (سرالیل) وەکەی دوژمنان بزانێت وەکو بیستبوم ئەو نهێنی شەوەش دەورێکی باشی هەبووە بۆ دەرباز بوون، هەندێک یاپراخی گەلامێو مابوو خێزانەکەی شەهید کردی بە دوو بەشەوەو لە نانی ئالاندو بۆی کردینە ناو دوو زەرفی عەلاگەوە و چەند کلۆ شەکرێکیشی خستە ناو زەرفەکەوەو فەرموی ئەوەش بۆ ڕێگاتان. پ. م کۆبونەتەوەو چاوەڕێ دەکەن لە دێکە دەربچین. . . ئیستا بۆ کوێ دەچین. . . مامۆ گیان حیزب دەیزانێ حیزب. . . سالح ڕجات لێ دەکەم، باشە تاکەی ئەم فشقیاتە تەرک نادەی. . . مامۆ گیان ئێمە شەم شەمەکوێرەین شەو هی خۆمانە تا ڕۆژ دەبێتەوە دەشت و دەر هی خۆمانە، دەچینە ئەوبەر. ئاخر ئەوبەر کوێ دەکات ؟ ئەم دێیە ناوی چیە ؟ گورگەچیا.
ڕیزمان بەستوەو گورگەچیای شەهید مەحمودمان جێهێشت و سەگەکانی ئاوایی تا نیوەی ڕێگا لەگەلمان هاتن، وەک ئەوەی خواحافیزیمان لێبکەن. من لە ناوەندی ڕیزەکەدا بووم لەنێوان حەمەتۆفیق و سالحدا لە جادەی قیر پرینەوە و چوینە دێیەکی تر بە هەمان شێوە خەلکەکە میوانداریان کردین و ئەو بەشەی لە خواردنەکە مایەوە پێشمەرگەکان دەیان ڕشتەناو موچەیەک نانی هەورامی و لەگەل خۆیان دەیانهانی. ئەو شەوە دێهاتەکانی شەشک و تەپی سەفاو خێلی حەمە و تازەدێ و کولکنی مامۆ سمایل و شیرەمڕ گەڕاین و لە هەر دێیەکدا **10** دەقیقەیەک دەماینەوە و پێشمەرگەکان تەوزیع دەبوون بە مالەکاندا و خاوەن مال بەپەلە شتێکی ئامادە دەکرد، ئەوەی دەخورا دەخوراو ئەوەش دەمایەوە پێشمەرگەکان نانیان بۆ ئامادەدەکرد و دەیانپێچایەوە بۆ ڕێگا. من ناڕازی بووم لە و کارەیان بۆیە هەر ئەو شەوە پێش نەناسیاوەکان هاوڕێکانی خۆمم لێ زویر بوو. کات ژمێر **3** شەو دەبو کە گەیشتینە شیرەمەڕدکتۆر کەمالم بۆ جارێکی تر بینیەوە دەمویست قسەی لە گەل بکەم بەلام مەجال نەبوو ئەوەنە نەبێت مەرحەباییەکی پەلەی کردم. هەولم دا قسە لەگەل ئەوانەدا بکەم کە پێشتر دەمناسین و هاوڕێی یەکتر بووین مەجال نەبوو، دەتووت شارە مێلورەن بەناو یەکدا دێن و دەچن و منیش هیچ حالی نەدەبووم، تەنیا ئەوەندەیان پێ ووتم یان بچۆ تەوزیع بە یان لەگەل ئەمیر حەرەس بە **10** دەقەی تر دێینەوە بۆ لات. **10**دەقە زۆرە با ئەوەی دەمویست بیلێم کەس مەجالی نەئەدا با بە کاک ئەمیری بلێم. . .
_ لەباوەکۆچەکەوە تا ئێرە چەندین دێمان کرد، لەشیرینی خەودا ئەو خەلکەمان لە خەو کرد، وەک ئەوەی لەچێشتخانەیەکدا نان بخۆین و خاوەنەکەشی زۆر مەمنون بێت. سەرباری ئەوەش باقی خواردنەکەمان لەگەل خۆمان هانی لە هیچ دێیەکیش بۆلەیەک نەکراوە، بەلکو بەدلێکی زۆر گەورەوە پێشوازیان لێکردین و خۆشەویستیان نیشان دا، دەبێت ئێمەش ئاگامان لەوە بێت ئەوان ژن و پیاو مندالیان لە بە یانیەوە تا ئێوارە خەریکی ئیشن و ماندوون جیا لەوەش بۆ ئێمە فەرقیان ناکەین مالی وایان هەیە کە زارعن (**26**) و زۆر هەژارن، قسەکانی پێ بریم. . .
_ کاک ئەنوەر ئەو قسانە ڕاستن بەلام ئەی تۆ نازانی ئێمە ئەم هەمو شەونخونی و دەردیسەریە لە پێناوی ئەواندا دەکەین. ئەو هەمو شەهیدەمان داوە ئەی ئەوە لە پێناوی ئەواندا نیە ؟ هەر خۆت ئەم شەو ئەوەی من بزانم **3** جار کەوتیتە ئاوەوە. باشە ئەگەر پێشمەرگە نەبایتایە، ئێستا لە ناو جێگەی گەرم و نەرم و پێویستیت بە نانی کەس نەدەبوو، ئاواش وەک بووکە بەبارانەت لێ نەدەهات. . .
_ ئەو قسانەی تۆش ڕاستە بەلام کەس تکاو ڕجای لە من نەکردوە ببمە پێشمەرگە ڕێگایەکەو خۆم هەلم بژاردووە و دەبێت هەمو ناخۆشیەکانی لە ئەستۆ بگرم. . .
_ تۆ جارێ تازەیت فێر دەبیت.

بێ دەنگ بوو، ڕووم تێکردەوە درێژە بە قسەکانم بدەم بەشێوەیەک کاک ئەمیر لێم تێبگات، بەڵام دیابوو حەزی نەدەکرد گوێ بگرێت، کەم شت هەیە بەقەدەر ئەوە ناخۆش بێت کەسانێک کە خۆشت دەوێن و بڕوات پێیان هەیە ڕووت لێوەرگێڕن. من تێناگەم، دنیای پێشمەرگایەتی سادە نیە ئەوان هەر دەڵێن فێر دەبیت، ئەمیرم زۆر خۆش دەویست، سالی **1974** کاتێک خەلکی سولەیمانی هاتنە هەلەبجە تیپی پۆلیسی سولەیمانیش کە یەکێک بوو لە تیپە بەهێزەکانی عێراق ئەوانیش هاتبون. هەموو ڕۆژێک یاری تۆپی پێ ئەکرا، منیش یاریم بۆ تیپێک لە دژی تیپێکی تر کردو بردمانەوە، تیپی دۆڕاو لە تۆلەدا گەلەکۆمەکیان لێکردم و بە هەموویانەوە پەلاماریان دام هەرچۆنێک بوو خۆم لە دەستیان ڕزگار کردوو بە ڕاکردن خۆمم کرد بە مەعمەلی سەهۆلەکەی ئەواندا کاک ئەمیر زۆر مەردانە دالدەی دام و شاردمیەوە، ئەو چاکەیەیم قەد بیرناچێتەوە بۆیە باوەڕم وایە چ ئەم چ ئەو هاوڕیانەی تر پشتیوانی خەلکی هەژارو لێقەوماون ئەم عەزیەتەش کەهی ئەو جوتیارانە ئەدەن بێ مبرڕ نیە. لە ناوەڕاستی شیرەمەڕدا کۆبوینەوە دکتۆر کەمال و چەند پێشمەرگەیەکی تریان تیا بوو کە لەوە دەچوو شیرەمەڕیان دانابێت بۆ گرد بوونەوەی هێزەکان، یەکەم کەس هەنگاوی ناو بەدوایدا دووەم وسێهەم چوارهەم و تا سەرەی منیش هات نێوانمان دە هەنگاوێک دەبوو مانگە شەوێکی ڕووناک و بەئاسانی بەردەمی خۆم وژمارەیەکیش لە پێش و پاشی خۆمەوەم ئەدی، تا ئەژنۆم و بەشێک لە لای چەپم تەڕ بوو، تۆزێک خێرا دەڕۆیشتین، ئەم جارەیان لەلای چەپمانەوە شەوقی گلۆپەکان دیار بوون، دەشتایی بناری سورێنمان گرتبو هەندێک جار بەناو ڕکە بەردوو هەندێک جار پێ دەشت بەم شوێنەدا هەرگیز نەهاتبوم، بیرم لەدلسۆزی و چاکەی ئەو خەلکە دەکردەوە ئەو چ تەحەمولێکە هەیانە یان ئەو هیوا گەورەیەیان لە کوێوە هێناوە ئەم شەو بۆم دەرکەوت کە بەتەواوی قەناعەتەوە پێشمەرگە یان خۆش دەوێت وبە واجبی خۆیانی دەزانن کە ببنە باوک و دایک و خوشک و برایان، ڕاست دەکەن دەلێن پێشمەرگەو گەل ئاو ماسین. ئای لەو ڕۆژەی کە ئەم خەلکە لەدەست زولم و زۆری فاشستەکان ڕزگارمان دەبێت!. ئەوەی ئەوان کاولیان کرد، ئێمە زۆر جوانترو ڕازاوە تر بینای کەینەوە، بەعس خەلکەکەی خستە ئۆردوگای زۆرەملێ وە زیاتر لە **30** دێ لە سیروان زیاتر لەوەش لە ئۆردوگای عەنەب، بەبێ کارو کاسپی، دوای سەرکەوتن دەبێت شۆڕش وەفاداربێت بە هەمودلسۆزییەی دەینوێنن.

کزەبایەکی سارد دەهات، بەچوار دەورما دەمڕوانی، ڕووناکی گلۆپەکان دیار نەبوون. . .

_ بۆخۆت دەتوانیت لە پەنایەکدا ڕاکشێت و بخەوی حەرەساتیان بۆ دانەناوی. . .

_ تاکەی بخەوم ؟

_ تاسبەینێ خۆر ئاوا بوون.

سەیری ئەوانم دەکرد بۆ ئەوەی منیش وا بکەم، هەریەکەو لە پەنابەردێکا زەوی ڕائەخست و ئاسمانی ئەدا بەخۆیدا. زۆر حەزم دەکرد بچمە نزیکی یەکێکیانەوە. . . نابێت لە یەکتریەوە نزیک بین ئەگەر قەسف بکرێن زیانمان زیاتر دەبێت، بۆخۆت بچۆرە ئەو پەنا بەردە هەوا نایگرێتەوە. ئاسمانێکی ساف و بێگەرد، ئەستێرەیەکی زۆر دیار بوون. هەندێکیان پرخەی خەویان دێت وا ماوەیەکە بە دانیشتانەوە چاو دەگێڕم و گوێ هەلدەخەم دەنگی کونەپەپو و زیرەزیڕی سیسرک زالە بەسەر هەمو دەنگەکاندا. تارماییەک بەرەو ئێرەوە دێت دەنگی بەریەک کەوتنی بەردەکانی ژێر پێی دێت !! وردە وردە نزیک دەبێتەوە تازە فریاناکەوم یەکێکیان هەلسێنم، بەم لاو ئەو لادا چاوی دەگێڕا، ئەو ئاگای لەمن نیە، باشە ئەمە کێ بێت و چۆن گەیشتوەتە ئێرە، جارێ با هەر مراقەبەی بکەم، دانەویەوە و کەسێکی ترهەستا و چەکەکەی لەشان کردو وردە وردە لەچاو ون بوو. پاش ماوەیەکی تر لە لایەکی ترەوە هەمان شت ڕویدا بۆم دەرکەوت ئەوانە

www.kurdistannet.org
9-2-2003 17:06

حەرەسەکانن. زۆرم سەرما بوو بەم هاوینە ئەم شوێنە ساردە کوێ بێت !! هێشتا جلەکانم تەڕ بوون هەستم بە قرچە قرچی دانەکانم دەکرد، شوێنەکەم زۆر ناخۆش و ئەگەر چی چەند جارێک بەردەکانی ژێرمم لابرد بەڵام هەندێک بەرد لە عەرز چەقیبوون ئەم لا لەو لا خراپترە. ڕاست دەکەن دەبێت فێرببم و ڕابێم لەگەل ئەم ژیانە تازەیەدا ئەمەبەعەمەلی دیفاع کردنە لە خەلک و هیچ شتێکیش لەمە پیرۆزتر نیە.
لە تاو سەرماو دەنگە دەنگ خەبەرم بوویەوە. دنیا ڕووناک و هەمویان بەچوار دەوری ئاگرێکا دانیشتون.
کاتژمێر9 سەرلە بەیانیە هێشتا جلەکانم تەڕن. . .

_بەیانیتان باش. . .

_ سەرمات نەبوو ؟

_ نەخێر سارد نەبوو. . .

_ باش خەوتیت ؟

_ ئەرێ وەللە بەش مانگێ خەوتم. . .

_ وەرەلای ئاگرەکەوە با ووشک بیتەوە. چەند کتریەکی ڕەشی گەورە لە سەر پشکۆ دانرابوو زۆر حەزم لە چایەک بوو، لە مقرِ دۆلکەیەکیان دامێ بەڵام شەکرم پێ نەبوو، ئەوانیش هەر یەکەو کیسەیەک شەکری کلۆیان پێ بوو. خێزانەکەی شەهید عریف مەحمود دەبوایە شەکرەکەی بیایەتە دەستم نەک ناو زەرفی یاپراخەکە، شەوێ کەکەوتمە ناو چەمەکەوە زەرفەکەم بە شەیالەکەوە هەلواسیبو دوایی کە دەستم بۆ برد نەمابو. وابزانم لەوکاتەدا لێم کەوتبو. . .

_ چا تێکە بۆ خۆت. . .

_ بەخوا زۆر تالبی چا نیم. وورده وورده ئەوانی کەش لە خەو هەلدەستان کتری لەسەرکتری چا دەخورایەوە. هەریەکێکی تازە کە دەهات بۆ چا خواردن ڕوی تێ دەکردم و دەیوت نان و چات خوارد ؟ نا من زۆرتالبی چا نیم. زۆرم برسیبو زوو زوو تفم قووت ئەداو جگەرە کێش نەبووم بەڵام گەر یەکێک جگەرەی بۆ ڕاگرتمایە وەرم دەگرت بۆ ئەوەی کەکاتی تف قووت داندا قورگم و سێوی ئادەم بشارمەوە. وورده وورده کیسەیان دەرهێنا یاپرخ ـ هێلکەی کولاو ـ خورماوڕۆن ـ فۆگە ( برنج ودانی شلە) پەتاتەی کال ـ تەماتە ـ گۆشتی سورەوەکراو ـ پەتاتەو دۆشاو ـ مریشک ـ ناوجەرگی حەیوان ـ باینجان ـ کەرە ـ هەنگوین. . .
. . . . حەز دەکەم سەیرێکی ئەو ناوە بکەم تا کوێ دەتوانم ؟ تائەو لای شەخەلەکەش بێ خەم بە. فرسەتێکی باشەبۆخۆدزینەوە لە بۆنو بەرامەی چاو ئەو هەمو تەعامە، لەم برسیەتیەی مندا هەر هیچ نەبێت چاوێک دەگێڕم بەو شاخە بەردەڵانیەی سورێندا و سەیرێکی ئەو دێیە ڕوخێنراوە دەکەم. خرنوکێکی زۆری لێە خواردنێکی خۆشە بیرم دێت بە منداڵی دایکم بە دەسکەوان بۆی دەکوتاین و شەکری تێکەڵاو دەکرد، ئەوە خۆ دۆریایشی (27) لێ یە. دەلێن ئەم ڕووەکە کێویلانە بۆ زۆر نەخۆشی باشە گیاقەیتەران لە هەزار حەبو دەرزی باشترە. باوەشێک دۆریا لێ دەکەمەوەو بۆیان دەبەم، نا ئەوە ناکەم لەوانەیە بلێن وەک هەجیجیەکان بنێشت و تەشی و لفکەدەگۆڕنەوە بە دانەوێلە ئەمیش گیایەکی خۆرسکمان ئەداتێ بەو خواردنە خۆشانە، باشە ئەوە بۆ کەسێکیان نەی ووت وەرە پارووێکم لەگەل بخۆ؟.

_ ئەوە لە کوێ بوویت ؟. .

_. وەللە کاک هەژار (28) چوم سەیرێکی ئەو دێ ڕوخێنراوەم کرد. . . کاکە هەر مەرگت نەبێ هەزار دێی ڕوخاو سوتاوهەزار کانی تەقێنراوهەزاران باخ و ڕەزی سوتاودەبینی. لەم ووڵاتەی ئێمە ئاگر بارانە. . . ئەی برسیت نیە ؟نەوەللە بەیادی منالیەوە تۆزێک خرنوکم خوارد تۆزێکیش لەم دۆریایە. . . ئەوە چۆن دەخورێت ؟. . . ڕوەکێکی خۆشە و زۆر لە ڕێواس خۆشترە. لەیەک کاتا هاوڕێ کۆنەکانم دایانە قاقای

پێکەنین و وتیان ئەوە لە برسا ئەوەی خواردوە، ئێرە خرنوک نیە دەرە گوڵانە. . . وەرە بخۆ لە هەمو نەوعەکانمان بۆ هەلگرتویت بزانە لای خولەی پاچەچیش تەعامی وا هەیە.

**25**: عریف مەحمود : پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان، بە ئازایی و شارەزای لە زانستی شەڕدا ناوی دەرکردبوو، بە دەستی مفرەزەکەی عزیز حەمە سالح شەهید بوو، ئازایەتی شەهید مەحمود کە بە خولە سەرچەور دەناسرا لە ڕادە بەدەر بووهەر بۆیە کاتێک قارەمانیەتیەکانیان دەگێڕایەوە موبالەغەی زۆری پێوە دەکرا و بیسەرانیش نەیان دەتوانی بلێن وانیە

**26**: زارع : بەوجوتیارانە دەوترێت کە خاوەنی زەوی نین و بە پێی ڕێکەوتن لەگەل خاوەن زەویەکان کار دەکەن بە نیوەی یان **3/2**

**27**:دۆریا : ڕوەکێکی کێویلەی خۆڕسکە کە نزیکەی مەترێک بەرز دەبێتەوە، لە ناوچەی پشدەرو ڕانیە لە بازاڕدا دەفرۆشرێت، لە ناوچەی هەلەبجە و هەورامان و سورێندا خەلکی نای خۆن، ئەگەر چی تامێکی شیرینی خۆشی هەیە

**28**:کاک هەژار : پێشمەرگەیەکی خەلکی ناوچەی گەرمیان بوو بەڵام لە ناوچەی هەوراماندا بوو. زۆر خۆشەویست بوو لەناو پ. م هەوراماندا. ڕۆژێک لە دێی ڕوخێنراوەکەی پریس چاوەڕێی کەسێک دەکات جیبێکی لاندرۆڤر لێی نزیک دەبێتەوەو شەهیدی دەکەن. ئەو شەوە لەئێمە جیا بوویەوەو نەمان دیتیەوە

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15